# میکانزمەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاستەکان بۆ خولەکانی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی دیاریکران

**بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ماوەی ڕابردوو، بڕیاریدا بەکردنەوەی خولی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی بۆ کاندیدانی خوێندنی ماستەر و دکتورا و خوازیارانی نازناوی زانستی کە تاقیکردنەوەی ستانداردی نێودەوڵەتیان ئەنجام داوە، بەڵام نمرەی پێویستیان بە پێی ڕێنماییەکان بەدەست نەهێناوە.

لەو چوارچێوەیەدا و، بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەچونی ڕۆژی تاقیکردنەوە و، دیاریکردنی ئاستەکان، لە دیوانی وەزارەت بەسەرپەرشتی د.ئامانج سەعید ڕاوێژکاری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کۆبونەوەیەکی فراوان لە نێوان سێنتەرەکانی زمانی ئینگلیزی و ڕێکخراوی (AMIDEAST)ی ئەمریکی بەڕێوەچوو، لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٨)کۆمەڵێك بڕیار و ڕێنمایی دەرکرا.

لە کۆبونەوەکەدا، کە بەئامادەبونی م. فوئاد عەلی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی توێژینەوە و پەرەپێدان و، کریستۆفەر لیدلۆ سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی ئیمیدیست لە کوردستان و عێراق و، بەڕێوەبەری سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی (سەڵاحەدین – سلێمانی – دهۆک – ڕاپەڕین) بەڕێوەچو، گفتوگۆ دەربارەی هەنگاوەکانی کردنەوەی ئەو خولانە لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی ودهۆک و ئیدارەی گەرمیان) کرا و بڕیاری پێویستیان لەبارەوە درا.

عەباس ئەکرەم وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: لەبەشی یەکەمی کۆبونەوەکە، کە لەگەڵ سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی (سەڵاحەددین/هەولێر – سلێمانی – دهۆک و ڕاپەڕین) بەڕێوەچو، گفتوگۆ لەبارەی پێداویستیەکان و میکانزمەکانی بەڕێوەچونی خولەکە کرد، بۆ ئەوەش چەند پێشنیازێکیان گەڵاڵەکرد.

وتیشی لە بەشی دوەمی کۆبونەوەکەدا، کە بەسەرپەرشتی وەزارەت لە نێوان بەڕێوەبەری سێنتەرەکانی زمان و ڕێکخراوی (AMIDEAST)ی قازانج نەویستی نێودەوڵەتی بەڕێوەچو، ڕێوشوێنی پێویست دانرا بۆ بەڕێوەچونی ناوتۆمارکردنی کاندیدەکان و، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاستەکان لە سێنتەرەکانی زمان.

وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی باسی لە وردەکاری بڕیارەکان کرد و وتی: کۆبونەوەکە گەیشتە ئەم بڕیارانەی لای خوارەوە:

1. سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی (سەڵاحەددین/هەولێر – سلێمانی – دهۆک و ڕاپەڕین)دیاریکران بۆ ڕۆژی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بۆ دیاریکردنی ئاستەکان.
2. ڕێکەوتی (2018/9/24) دوا وادەیە بۆ خۆتۆمارکردن لە یەکێك لەو سێنتەرانەی سەرەوە.
3. تاقیکردنەوەکە بۆ سەرجەم کاندیدەکانی ماستەر و دکتۆرا و، خوێندکارانی دکتۆرایە جا چ لە کەرتی حکومی بن، یا تایبەت کاربکەن، لە هەمان کاتدا خوازیارانی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی و کاندیدانی بۆردی کوردستانی ساڵی (2016-2017) و (2017-2018) دەگرێتەوە.

4. خوازیار مەرجە یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی (IELTS, TOEFL, PTE) ئەنجامدابێت، یان پێش ڕێکەوتی ئەنجامی تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست، خۆی بۆ یەکێک لەو تاقیکردنەوانە تۆمار کردبێت.

5. ئەنجامی یەكێك لە تاقیكردنەوەكانی (IELTS, TOEFL, PTE)، لەگەڵ ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیەی لە ڕێکەوتی (2018/9/26) بەڕێوەدەچێت دەبێتە بنەمای سەرەکی بۆ دیاریکردنی ئاست (Level) و ماوەی خولی زمانی ئینگلیزی کاندیدەکان.

6. پێویستە خوازیار بەر لە رێکەوتی ئەنجامدانی ڕۆژی تاقیکردنەوە، فەرمانی زانکۆیی کاندیدبونی لە سەرۆکایەتی زانکۆکانیان وەربگرنەوە.

7. پێویستە خوازیاران تا ڕێکەوتی (2018/9/24) وێنەیەك لە فەرمانی زانكۆیی كاندیدبون و، ئەنجامی یەكێك لە تاقیكردنەوەكانی (IELTS, TOEFL, PTE) كە ئەنجامیداوە، یان پسولەی پارەدانی خۆتۆمارکردن لە یەكێك لە تاقیكردنەوەكانی (IELTS, TOEFL, PTE) پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی سێنتەرەکانی زمان، کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە بکات.

8. بۆ ئەو کاندیدانەی پێش رێکەوتی (26-9-2018) تاقیکردنەوەی ( IELTS, TOEFL, PTE)یان ئەنجام داوە بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجامی تاقیکردنەوەکەیان وەرنەگرتۆتەوە، ئەوا دەتوانن وێنەیەك لە پسولەی تاقیکردنەوە پێشکەش بە سێنتەری زمان لە زانکۆکانی (سەڵاحەدین، سلێمانی، دهۆك، راپەرین) بکەن، بۆ بە مەبەستی ناوتۆمارکردنیان بۆ تاقیکردنەوەی دەستنیشانکردنی ئاستەکانیان بە مەرجێك بەڵێننامە پێشکەش بکەن کەوا تا رێکەوتی (2018/10/5) ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی (IELTS, TOEFL, PTE) پێشکەش بەو سێنتەرانە بکەن، بە پێچەوانەوە هەر ئەنجامێک بکەوێتە دوای ئەم رێکەوتە، ئەوا لەم کۆرسەی ئێستا بێبەش دەبێت و دەکەوێتە کۆرسەکانی داهاتوو.

9. . ئەو کاندیدانەی تا ڕێکەوتی (26-9-2018) هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ( IELTS, TOEFL, PTE)یان ئەنجام نەدابێت و، دواتر یەکێك لە تاقیکردنەوە ستانداردەکان ئەنجام بدەن بۆیان هەیە دوای تەواوبوونی ئەم خولە و لە خولی داهاتوی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی بەشدار بن بە مەرجێك ماوەی (1) یەك سال تێپەر نەکات لە ڕێکەوتی تەواوبوونی ماوەی یاسایی دوایین درێژکردنەوەی پێشووی (واتە بە شێوەیەکی گشتی ماوەی (3) ساڵ تێپەر نەکات لە ڕێکەوتی دەرچونی فەرمانی کاندیدبونی).

10. ئەگەر خوازیارێك پێشتر یەکێك لە تاقیکردنەوەکانی (IELTS, TOEFL, PTE) ئەنجام دابێت، بەڵام ماوەی بەسەرچوبێت، دەتوانێ تاقیکردنەوەی دیکە نەکات، بەڵام بە مەرجێک پەسند دەکرێت، ئەگەر بڕوانامەکەی لە لایەن زانکۆکەی ڕاستاندن (Verification of Authenticity)ی بۆ کرابێت، بەپێچەوانەوە دەبێ تاقیکردنەوەکە ئەنجام بداتەوە.

11. بڕوانامەکانی سێنتەرەکانی زمان، کە بۆ وەرگرتن لە دکتورا لە ساڵی (٢٠١٥) بۆ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاستی زانستی پێشکەشکرابون، مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێ .

12. کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا و خوازیارانی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی ئازادن لە چ زانکۆیەک (سەڵاحەددین/ هەولێر ، سلێمانی، دهۆک، ڕاپەڕین) پێداویستیەکانیان پێشکەش بکەن و تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەن. بەڵام بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی سەڵاحەددین و سلێمانی وا باشترە دانیشتوانی قەزای (سۆران و کۆیە) خۆیان لە سێنتەری زمان زانکۆی ڕاپەڕین تۆمار بکەن.

13. ماوەی خوێندن لە هەر ئاستێك تا ئێستا بڕیاری لێ نەدراوە، بەڵکو دوای بەڕێوەچونی تاقیکردنەوەکان لە سەنتەرەکانی زمان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەهاوکاری ڕێکخراوی (AMIDEAST) و سەنتەری زمانی زاکۆکان دوا بڕیاری لەسەر دەدات .

14. تاقیکردنەوەکە لە سەعات (10:00)ی بەیانی، ڕێکەوتی (2018/9/26) لە یەك کاتدا لە سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی (سەلاحەددین/ هەولێر ، سلێمانی، دهۆک، ڕاپەڕین) بەڕێوەدەچێت، بۆیە دەبێ خوازیاران بە (30) خولەك پێشتر لە شوێنی دیاریکراو ئامادەبن.
15. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تێچوی بەڕێوەچوونی خولەکان بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆ و دەزگا و دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەت دەگرێتە ئەستۆ.
16. پێداویستیەکان بۆ ڕۆژی تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست بریتین لە : قەڵەم جاف ڕەنگی شین، ناسنامەیەک کە وێنەی بەشداربووی لەسەر بێت .
17. ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بە تایبەت مۆبایل ڕێگەپێدراو نیە بۆ هۆڵەکانی تاقیکردنەوە.

http://www.mhe-krg.org/ku/node/3799